# خەباتی گەلێك بۆ كومەڵێك

ئاری ئارام

گەلی كورد وەک هەمۆ گەلیكی سەر زەوی كە مافە نەتەوایەتی و مرۆڤایەتیەكانی لی زەوت كراوە لە میژۆی ئەم گەلە خەبات بەردەوام بۆوە تا گیشتن بە ئامانجەكانی وەک هەمۆ نەتەوەیەكی ئازادی خواز

دیارە لە باشۆری كوردستان كۆمەڵی لەۆ مافانەوەدەست هاتۆوە ئەمەش بە خەباتیكی دانەبراۆی ئەۆ میلەتە كوڵنەدەرەیە .سەرەرای هەمۆ ئەۆ هەڵانەی ئەۆ كەسانە كردۆیانە بە ناوی سەركردەی كوردۆ شۆرش بەڵام میلەت لە خۆارەوە زور دڵسوزو كۆڵنەدەرە وە بیریان لە بەرژەوەندی خویان نەكردوتەوە

وەک سەرانی سەرەوە كومەڵیک لەو سەركردانەش كەسانی دڵسوزو شورشگیرن هەندیكیانیش چاویان بریوەتە ماڵ و سامانی خەڵک لە كوردستاندا تا گەشتوتە ئەوەی چاویان لەشەرەف و ناموسی خەڵكە ئەوەندە چاۆ چنۆكن ئاگاداری ماڵ و منداڵی خوشیان نین . ئەو سەركەوتنانەی گەلی كورد خراوەتەخانەی ئازایەتی و تیگەشتویی ئەۆ كار بەدەستانە و هەندی لە دەرۆیشەكانیان سەرنەكە وتنەكانیش دراوەتە پاڵ كەسانی تر . كەسانیكی قەڵەم بەدەستیش بە ناوی روشنبیرەوە رووداوەكانیان نوسیوەو دەنوسن لە بەرژەوەندی ئەو كاربەدەستانە كومەڵیک لەۆ روشنبیرانە لە رۆژنامەۆ كەناڵەكانی تەلەفزیەن دەكەونە پاساۆ كردن لە كۆمەڵیكی كار بەدەست دەرویشانە ئەمانەش دابەش كراون بەسەر حزبەكاندا

راپەرینە جەماوەریەكەی كوردستان سالی 1991 كە جەماوەر پی هەستاۆ هیزەكانی بەعسی عەرەبی وەدەر هینا لە كوردستاندا بە كەركوكەوە لە راستیدا ئەۆ راپەرینە جەماوەر زیاتر دەوری تیدا بینی لە هیزی پیشمەرگە ئاشكرایە بەزوری شارۆ شارۆچكەكان ئازاد دەكرا هیزی پیشمەرگە دەگەیشتە ئەۆ شۆینانە مەبەست لەمەدا ئەوە نیە كە هیزی پیشمەرگە دەوری نەبووە بەلكۆ كەم بۆنی پیشمەرگە وای كردبۆ لە راپەریندا ئەوە كۆمەلی مەسئول لە كاروان بەجی دەمان  بە پلەی یەک ئەۆ خەڵكانەی دەوری سەرەكی یان هەبۆ لە راپەرین دڵسوزانی نەتەوەی كورد وریكخستنەكان وئەوانەی پی یان دەوترا خەفیفە نە گەورەكانی خەفیفە .لە دووای راپەرینەوە تا ئەم ساتە وا باس دەكری ئەو راپەرینە زیاتر لە لایەن كومەڵی كەسەوە پی هەستابی كە دور بی لە دەوری جەماوەری كوردستان تیدا نەبوبی یا زور كەمی دەكەنەوە .ئەۆ كاتانەی كاربەدەستیكی حزبی و ئیداری ئەۆ حزبانە چاۆ پیكەوتنیان لە گەڵ دەكری لە تەلەفزیون و رۆژنامەكانی خویان بەشی كەس ناهیلنەوە هەمۆ چالاكیەكان بۆ خویان باس دەكەن وەک میلەت هیچی نەكردبی وخەڵكی بەگیل دادەنەن وانیشان دەدەن كە خویان خاوەنی هەمۆ كوردستان بن هەمۆ دەسكەوتیكی كورد لە لای ئەوانەوە بۆ كورد هاتبی وەک چۆن سەدام بە ئاشكرا دەیگوت من نەعلم  كردە پیی خەڵک كە پی پەتی بۆن بەڵام كاربەدەست و ماستاۆ چیەكانی كورد هەر وا دەڵین بەڵام بە شیوەیەكی دی هەمۆ راگەیاندنیش بۆ ئەۆ كومەڵە كەسەیە لەسەر ماندۆ بۆنی كوردۆ خوینی شەهیدان .

ئەو قەڵەم بەدەست و وۆژدان فرۆش ودوكاندارانەی بونەتە شاعیرانی كاتی جەهالەت بەشان و باڵی كەسانیک هەڵدەدەن .ئەوەی دەمەوی بچمە سەری باسەكە مەسەلەی كەركوكە لە راپەرینی سالی 1991 لە قولی هەولیرەوە كاک كوسرەت لەگەڵ كومەڵی لەو پیشمەرگەو ریكخستنانەی كەركوک قارەمانانە كارەكانیان جی بەجی هینا بۆ ئازادی كەركوک بەڵام لە قولی سلیمانیەوە بە قیادەی ملازم عمر نەیان توانی بینە ناۆ شاری كەركوكەوە تا سەعات 9 شەۆ بەهیزیكی زورەوە هاتنە ناۆ كەركوكەوە  گەرەكەكانی ازادی+اسكان+امام قاسم +بەرتەكی+ حەسیرەكە +امنی كەرامە +مونەزەمەی اسكان +باروتخانە ئەمانەهەمۆ خەلكی گەرەک و ریكخستن و ژنان و هەندی لە خەفیفەكان  ئازادیان كرد دووا شوین مونەزەمەكە بۆ سەعات حەوت و چارەک دەست بەسەریدا گیرا دەتوانم ناوی زوری ئەو كەسانە بلیم كەدەوریان هەبۆ بەڵام با بمینی بۆ كاتی خۆی كە راستیەكان ریگەی پی دەدری كاتی ماستاۆ چیەكان

دەوریان نامیتی کاتی ئازادی تاکی کورد پاریزراۆ بی  میژوش بەدرۆ باس دەکری و دەنوسری لە هەندی تەلەفزیون و رۆژنامەی حزبەکان  بی وژدانی زور دەکری  مافی کوردو شورشگیرو دلسوزان  لە لایەن هەندی کەسی نامەسئۆل پشت گۆی دەخری دیارە ئەوان بونەتە وەستا جمعە جمعە ی شاگرتیان دەوی مەسئولەکان هەندی لەۆ کاربەدەستانەی لەسەر خوینی کورد ئەژین بەوەشەوە نەوەستاون  ماندو بونی خەلکیش  وون دەکەن رەوشتی بەعسیانە بەکار دەهینن .لەراستیدا دەربارەی کەرکوک  زور جار  لە کورد سات و کوردستانی نۆی  تەلەفزیونی یەکیتی لە کەرکوک ئەۆ بی وژدانیە بەر چاۆ دەکەوی خەلکانی دینن کە بە ماستاۆ کردن پی گەشتووە خۆی دەکاتە خاوەنی هەمۆ کارە پیروزەکان  دەبی بزانن تاسەر وانابی بەعس زور بە هیز بۆ بەلام پاشە رۆژی ویران بۆ کردەوەکان  با وەک بەعسیەکان نەبی بەسە تا سەر میلەت بی دەنگ نابی هەمۆ جمعە ناویکیش خۆی ناسوتینی

ئاری ئارام 12 ..2004